## ● بۆ ئاگاداری ●

* خوێنەرانی ئازیز، نووسەرانی خۆشەویست :

بەهەقیقەت ئەگەرچی بەلامانەوە گرانە کە هەندێ مەرج و ڕێو شوێن بۆ شێوازی بڵاوکردنەوە دابنێین؛ بەڵام گەلێجار ناچاری وا لە مرۆڤ دەکا پەنای بۆ بەرین، ئەڵبەتە ئەویش زیاتر لەبەر بەرژەوەندیی زوربەی زۆری نووسەران و خوێنەرە ئازیزەکانمانە، ئەگینا هەرگیز پەنامان وەبەر ئەم بانگەوازە نەدەبرد کە لێرەدا بۆتانی بڵاودەکەینەوە:

**یەکەم** : وا ئەمجارەیش تکا لە هەموو نووسەران دەکەین کە تا دەکرێ ئەو بابەتانەی بۆمانی دەنێرن بە جوانیو ڕێك وپێکی بیان نووسنەوەو، پەیرەوی ئەم چەند مەرجانە بکەن: «خەتی خۆش، دێر پەڕاندن، لەسەر یەك دیوی کاغەز بینووسن، ناوی سێلانە ـ واتە ناوی خۆت و باوك و باپیرت ـ، ناونیشانی تەواو، دەستنیشان کردنی سەرچاوە، وێنەی تایبەت بە بابەتەکە، دابڕ «تقطیع» نەکردنی بابەتەکە ـ چونکە ئێمە لەم بارەیەوە زیاتر ئاگادارین ـ، لەهەموویش گرینگتر ئەوەیە بە قەڵەمی پاندان نووسرابێت..

**دووەم** : هەر بابەتێکی بۆ گۆڤارەکەمانی دەنێرن، جا بڵاوبکرێتەوە، یا بڵاونەکرێتەوە بۆت نییە داوای دەستنووسەکەت بکەیتەوە، ئەم ڕێبازەیش نەك هەر لەلای ئێمە بەڵکو لە هەموو دونیادا پەیرەو دەکرێ.

**سێیەم** : بۆ ئەوەی بتوانین زۆرترین بابەت، بۆ زۆرترین ژمارە لە نووسەرانمان و، بەزووترین کات بڵاوبکەینەوە، داواتان لێدەکەین هەر بابەتێکی بۆمانی دەنێرن لە ٢٠ تا ٢٥ لاپەڕەی «فولسکابی» دێر پەڕیو زێتر نەبێت. وە هەر بابەتێکیش لەم مەرجە بەدەربێت ئەوە پشت گوێ دەخرێت.

**چوارەم** : ئەو برا نووسەرانەی بابەتەکانیان بڵاو دەبێتەوە، ئەگەر هات و دوای دوو مانگ پاداشتەکەی ـ واتە پارەی بڵاوکردنەوەی نووسینەکەی ـ پێ نەگەیشت، ئەوە وا باشترە بە نامەیەکی تایبەتی، وەیا بە تەلەفۆن ئاگادارمان بکاتەوە.

□ کاروان □

# «فۆلکلۆرو ن...

# لە کتێبێکی نای...

لە [١٩٨٢]دا کتێبێکی نایابی کوردناسی ناوداری سۆڤێتی ئۆربیلی [١٨٨٧ ـ ١٩٦١] بەناوی «فۆلکلۆرو نەریتی موکس» بڵاوکرایەوە. ئەم کتێبە، کە باسی ناوچەیەکی دوورە پەرێزو بەچیا دەورە گیراوی کوردستانی سەردەمی عوسمانی ئەکا، لەسەر کاغەزێکی سپی [١٤٤] لاپەڕەییو بەقەوارەی [٢ر١٤×٥ر٢١] سانتیمەترەو هەر لاپەڕەی [٤٥ـ٤٨] دێری وردی تێدایەو پڕە لە باسی پوخت و هەمووڵایەنێکی ژیانی کوردو ئەرمەنی ئەو سەردەمەی ناوچەکەی گرتۆتەوە. ئەوەی شایانی باسە، ئەم کتێبە بەشێکە لەو بەرهەمە ئاڵۆزو بەپێزو فراوانەی [ئۆربیلی] کە لەدوو گەشتی ساڵانی [١٩١١ـ١٩١٢]دا بە ڕاسپاردەی کۆڕی زانیاری ئەوسای رووسی بۆ ناوچەکانی خوارووی گۆمی [وان] کۆی کردوونەتەوەو تۆماری کردوون... ئەم بەرهەمە نەك بە تەنها دەربارەی داب و نەریت و زمان و زاراوەی ناوچەکەیە، بەڵکو زۆر زانیاری دەربارەی خانووبەرەو گۆڕستان و پیشەسازی میللیو ئاژەڵداریو ڕستن و کەل وپەلی ناو بازارو ماڵەکان تۆمار کردوە.... ئەوەی پتر گرنگی ئەدا بەم باسەی [ئۆربیلی] ئەوەیە کە ئەو دوا بێگانە بوە چۆتە ئەو ناوچەیەو تێبینی دەربارەی تۆمار کردوە، چونکە پاش گەڕانەوەی ئەو زۆری پێ نەچوو، لە ساڵی ١٩١٥دا شارەکە وێران کراو دانیشتوە ئەرمەنیو کوردەکانی قەلاچۆ کران.

بۆیە ئەم کتێبە نایابە نەك هەر باسێکی فۆلکلۆرییە؛ بەڵکو سەرچاوەیەکی هەرە باوەڕپێکراوە بۆ زانینی باری شارو ناوچەیەکی کوردەواری لەناوچوو.. لەمەش گرنگتر

● جەلال تەقی ●

# ...ریتی مۆكس»
# ...ابی «ئۆربێلی» دا..

فەرهــەنگێكی فراوانی وشــە كوردیو ئەرمــەنیـیـەكـانی ئەو سەردەمەی ئامادە كردوە ـ كە بەداخەوە لەم كتێبەیدا زۆر كەم لێی دواوە ـ و ئەگــەر لەچــاپ بدرێ بۆشــاییــەكی فراوانی فەرهەنگسازی كوردی پڕ ئەكاتەوە. نووسەر هێند گرنگی بەم كتێبــە داوە كە بەدرێــژایی هەموو ژیانی گەڕاوەتەوە سەریو بژاری كردوە، بۆیــە لە ژیــانی خۆیــدا فریا نەكەوت بەچاپی بگەیەنێو پاش مردنی ئەم بەشە كەمەی رووناكی ببینێ. گرنگی فەرهەنگە كوردییەكەی لەوەدایە كە خۆی وشەكانی لە دەمی دانیشتــوانی مۆكس و دەیەها گوندی دەوروبەرییەوە تۆمار كردوەو بەراوردو بژاری كردوون، وە بەتایبەتی وشەو زاراوەی ئەو گوندە دوورە پەرێزانەی نووسیوە كە پەیوەندییان لەگەڵ دەوروبەردا كەم بوەو پارێزگاری وشەو دەنگە رەسەنەكانیان كردوە. بۆیەشە هەركە گەیشتە مۆكس یەكسەر دەستی كرد بە لێكـۆڵینــەوەو ئامادەكردنی وشە كوردییەكان و لەم بارەیەوە نووسی: «ئــەو لێكچــوونــەی لەنێــوان دەنــگ و وشە كوردیو ئەرمەنییەكاندا لەیەكەم هەنگاوەوە هەستم پێ كرد وای لێ كردم هەوڵ بدەم ئاشناپەتی لەگەڵ زاراوەی كوردی مۆكسدا پەیدا بكەم كە بەبێ ئەمە نووسینی زاراوەی ئەرمەنی ئەم ناوچەیە لە توانــادا نیــە...» لەمــەش گرنگتر، ئەو كەسانەی وشەكانی لێ وەرگرتوون ئەو كوردانە بوون كە ئەرمەنییان زانیوەو توانیویانە وردەكارییو دەنگسازی هەردوو زمانەكەی بدەن بە گوێدا. بۆیە [ئۆربیلی] لەم بارەیەوە نووسی: «وشە كوردییەكانم لە دەمی كوردەوە وەرگــرتــوە، نەك لە دەمی ئەو ئەرمــەنیـیـانــەوە كە كوردییــان زانیوە....».. بێجگە لەمەش، ئۆربیلی ژمارەیەكی زۆری دەقی فۆلكلۆریی كوردی بەشێوە زاراوەی مۆكس تۆمار كردوە كە ـ وەك خۆی ئەڵێ ـ شێــوەی باكــووری رۆژ ئاوای زاراوەی كرمانجییە، لەمانەش دەقێكی نایابی مەم و زینە!

بۆیــە ئەم بەرهــەمــەی ئۆربیلی نرخێكی زۆری هەیەو بەتایبەتی بۆ ئەو كەسانەی ئەیانەوێ لە زاراوەو زمان و فۆلكلۆرو نەریتی رۆژانەی رابوردووی مۆكس بكۆڵنەوە

**با ئێستا بەكورتی بێنیە سەر باسی كتێبەكە:**

لە لاپــەرە «١٣»دا ئۆربیلی ئەڵێ: كە لە «١٩١١»دا لە لایــەن ئەكادیمیای زانیارییەوە نێررا بۆ ئەرمەنستانی توركیا دوو راسپادەی پێ سپێردرابوو: یەكەم، پشكنین و لێكۆڵینەوەی خانــووبــەرەو شوێنەواری دێرینەی ئۆرارتی كۆن و ئەرمەنی سەدەكانی ناوەراست. دووەم، لێكۆڵینەوەیەكی فراوانی زمانی ئەرمــەنی ئەو ناوچــانــە بەجۆرێك كە بتوانرێ لە شێوە چاپ كراوەكــانی هەتــا ئەو سەردەمــە پووختتــرو قووڵتر رێزمان و فەرهەنگسازی زاراوەیەكی ئەو زمانەش بكرێتەوە.

بۆیە [ئۆربیلی] پێش ئەوەی دەست بەم گەشتەی بكا بە وردی بەو زانیارییو تۆمارانەدا چووە كە لەوەپێش دەربارەی زاراوەكانی ناوچەی مۆكس بڵاوكرابوونەوەو بڕیاری تەواویدا كە كارەكەی لەم ناوچەیەدا بگەیەنێتە ئەنجام. هەرچەندە، لەبەر ئەوەی زوربــەی بڵاوكــراوەكان شێوەو وشەو دەنگەكانیان بە شێواوی نووسیبوو، كارەكەی زۆر گران ئەدا بەدەستەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی مۆكس لە دەوروبەری پچرابووو، شێوەی ئاخافتنی تا رادەیەك بە پاكیو دوور لە كارتێكردنی شێوەكانی تر مابوەوە، گوێی نەدایە گرانی كارەكەیو «شانی دایە بەرا...»

ئۆربیلی بۆ بەجێ هێنــانی ئەم كارەی دوو گەشتی بۆ ناوچەی مۆكس كرد. یەكەمیان، لە ئاب و ئەیلوولی ١٩١١داو دووەمیــان: لە نیســان و مایسی ١٩١٢داو ئاوا ئەچێتــە ناو باسەكەوە: «ئەم شوێنە لەتۆمارە كۆنە ئەرمەنییەكاندا بە [مۆك] یان [مۆكس] ناسراوەو ئەرمەنییەكانی ناوچەكە بە [مۆكیس]و كوردو توركــەكان بە [موكیوس] ناوی ئەبەن. هەروەها «بە ـ تلیمــوس»یش باسی كردوە بە «موكسوێن» لێی دواوە [ئەوەی شایانی باسە مەلای بایەزیدی لە پێشەكی رێزمانەكەی «عەلی تەرماخی»دا بە قەزای «مەكس»ی ناوبردوە.

**مۆکس ئەکەوێتە باشووری دەریاچەی وانەوەو زنجیرە شاخی «ئیگێر» لەو دەریاچەی ئەپچڕێنێو دۆڵی «ئیگێر» ئەکەوێتە ڕۆژ ئاوایەوە کە تاکە ڕێگایە مرۆڤ پیایدا بگاتە باکووری مۆکس.**

شارەکە لە هەر چوار لاوە بە شاخ دەورە دراوە... لە ڕۆژ ئاوادا شاخی «کەرە کەرا»، لە خوارووی ڕۆژ ئاواوە شاخی «سامەر تانك»، لە خوارووی ڕۆژ هەڵاتەوە «نۆردوز»، لە ڕۆژ هەڵاتەوە «شاتاخ»و تەنیا سنووری لەگەڵ ناوچەی بەرواریدا ـ لە باشوورەوە ـ بە شاخ نەتەنراوەو لەدۆڵی ڕوباری مۆکسەوە پێوەی بەستراوە.

«مۆکس» لەسەر پانتاییەکی فراواندایە کە (١٦٥٠) مەتر لە ڕووی زەریاوە بەرزەو چیاکانی دەوروپشتی زۆریش لەمە بەرزترن: ئیگێر ـ «١٣٨٠» مەتر، شاتاخ «٣١٩٠» مەتر، «ئارنوس» «٣٢٨٠» مەتر، «شیرنیس»ی باشووری ڕۆژئاوا «٢٨٩٥» مەترو لوتکەی ڕۆژ ئاوای شاخی «نێمران» ٣١٦٠ مەتر بەرزن.

وەك وتمان ناوچەکە لەزۆر سەرچاوەی کۆنی ئەرمەنیدا ناوی هاتووەو بە تایبەتی لە کتێبی «مێژووی بنەماڵەی ئارتسرۆن»دا کە شا «هایك ئارتسرۆن»ی یەکەم لە سەدەی دەیەمدا نووسیویەو باسی داگیرکردنی ئەم ناوچەیە ئەکا لەلایەن ئەو بنەماڵەیەوە. ئەوەی لەم باسەدا سەرنج ڕائەکێشێ ئەوەیە کە لەشکرەکەی هایك لە زستانی سەخت و سەهۆڵبەندا بەرەو ئەم ناوچەیە کشاوەو بە ووردی باسی چۆنیەتی داگیرکردنی ئەکا.

دوای ئەمە [ئۆربیلی] بەدرێژی باسی ڕێگاو دووری نێوان گوندەکان و شوێنە ئاوەدانەکانی ناوچەکە ئەکا کە هەتا مانگی مارتیش یەکێکی زۆر ئازاو چاونەترس نەبێ ناتوانێ هات و چۆیان پێدا بکا. بەووردی باسی خانی «میر حەسەن» ئەکا کە ئەرمەنییەکان پێی ئەڵێن «پەووتکی»و لەسەر بەرزاییەکی «١١٢٥» مەتری نێوان دوو زنجیرە شاخی ئیگێر لەسەدەی نۆهەمدا بۆ حەوانەوەی ڕێبواران و دالدەدانی لێقەوماوان دروست کراوە. لەوکاتەی ئۆربیلیدا ئەم خانە ئاوەدان بووەو هەموو ساڵێك بەفەرمانی نووسراوی «مورتولا بەگ»ی سەرۆکی ناوچە رابەر نێردراوە بۆ هەموو ناوچەکانی دەوروپشت و پارەو خواردن و کەل وپەل کۆکراوەتەوەو لەم شوێنەدا پارێزاوە. [ئۆربیلی] بەدرێژی دەقی یەکێك لەم نووسراوانەی تۆمار کردووە.

لە دامێنی «خانی میر حەسەنەوە» دوو جۆگە لەیەك ئەدەن و پاش ئەوەی جۆگەی تریشیان دێنە سەرو نیمچە ڕوبارێك دروست ئەکەن کە بە ئەرمەنی «مۆکاتس جور»و بە کوردی «چەمی مۆکس»ی پێ ئەڵێن و پاش ئەوەی هەموو دۆڵی ناوچەی مۆکس ئەبڕێ ئەرژێتە ڕوبارێکی تری ناوچەی بۆتانەوە کە شاری جزیرەی لەسەرە، ئەو شارەی ڕۆژێك لە ڕۆژان پایتەختی ئەمارەتی سەربەخۆی بۆتان بووەو پاش ئەمە ئەرژێتە ڕوباری دیجلەوە لەلاپەرە «٢١» ئەڵێ: کە ناوچەکە زۆر هەژارەو هۆی ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ دابڕان و نەبوونی ڕێگای هات و چۆی ڕێك وپێك و بۆیەشە «زۆربەی دانیشتوان عەرەبانەیان نەدیوەو نازانن ڕەورەوە چیەو کە بەدرێژی باسی ڕەورەوەم بۆ پیرەمێردەکان کرد تێی نەگەیشتن و هەر وایان زانی مەبەستم لە ڕەورەوەی ئاشە»... دیارە کە ناوچەیەك لە دەوروبەری پچڕابوو ڕێی کاروانی بەسەرەوە نەبوو هەروا بە هەژاریو نەزانی ئەمێنێتەوە!

لەهەمان لاپەرەدا شێوەو ڕێگای گواستنەوەی بەروبوومی کشت و کاڵو دانەوێڵەی ناوچەکە باس ئەکاو ئەڵێ: «هەندێ جار بە کەرو ئێستر ئەیانگوێزنەوە؛ بەڵام زۆربەی کات هەر بە کۆڵ ئەم کارە ئەنجام ئەدەن...» بۆیە، وەك باسی ئەکا، سەیر نیە لە سەردانی ماڵێکی ئەرمەنیدا کە کوریان بووبێ، لەباتی دیاری، پەتێکی سێ قەد کراو ئەبەن و ئەیخەنە سەر لانکەکەیو ئەڵێن: «یاخوا ببێ بە کۆڵهەڵگرێکی باش و بەهێز!...» ئەوەی شایانی باسە، ئەرمەنی ئەو ناوچەیە بۆ لەدایك بوونی کچ ناچن بۆ پیرۆزبایی کردن!

[ئۆربیلی] لە لاپەرە [٢١-٢٣]دا باسی پردەکانی سەر ڕوباری مۆکس ئەکا کە «زۆربەیان بریتی بوون لە داری ڕایەڵ کراوی بە پەت بەستراو.. لە شوێنە تەنگاوەکاندا هەر کەڵەکە بەردیان لەپاڵ یەکدا ریز کردبووو بە قەڵەمبازدان بەسەریدا ئەپەڕینەوە» لەوەپاش باسی پردێکی زۆر نایاب ئەکا کە زۆری بەدڵ بووەو



وێنە [١]: پردەکەی سە روباری [مۆکس]



وێنە [٢] : کەلاوەکانی قەڵای [مۆکس]

«لەچینــە بەردی زۆر رێـك وپێـك دروست کراوە.» دوایی بە درێژی باسی شێوەی دروست کردنەکەی ئەکا [وێنە -١-] ئەشڵێ کە دوو بەرد لە دیوارەکانیدا چەسپ کراون و بە ئەرمەنی لەســەریـان نووسراوەو نووسینی سەر یەکێکیان ئەوی تریان تەواو ئەکـا. ئەم پردە پێی ئەڵێن «پـردی سوور» یان «پردی جوان»و لە زوربەی چیرۆکە میللیەکانی ئەم ناوچانەدا ناوی هاتوە. ئەفسانەیەکی ئەوێ وا ئەگێڕێتەوە کە دوو برای خەڵکی ئەو شارۆچکەیە بۆ کاسبی سەری خۆیان هەڵگرتوەو ئەم شارو ئەو شاریان کردوەو پاش ماوەیەکی دوورو درێژ گەڕاونەتەوە. کە دایکیـان ئاگـادار کردوە «کـورەکـانت هاتوونەتەوەو زۆریش دەوڵەمــەنـد بوون.» وتـوویەتی: «ئینجا دەوڵەتی ئەوان بەمن چی... خۆ هەر ئەبێ بۆ پێشــوازی کردنیان لە ئاوەکە بدەم و بپەڕێمەوە ئەوبەر!» ئەڵێن کە ئەمەیان بە کورەکانی وتوە یەکسەر وەستایان بانگ کردوەو ئەم پردەیان دروست کردوە.

بەقــســەی ئۆربــیللیو نووسینی سەر بەردەکــان ئەم ئەفســانــەیـە نزیکـە لە راستییـەوە، چونکـە دوو «خــواجا» دروستیــان کردوەو گوایا لەو ناوچەیەدا مەبەست لە خواجا:- بازرگانە. ئاواش باسی نووسینی سەر بەردی یەکەم ئەکا: «بەم جۆرە... ئەم پردە لە ساڵی ١٠٤٢دا - واتا ١٥٩٣ز - بەدەستی خواجا مورادو خواجا گەرمبێت دروست کراوە...» لەسەر بەردی دوەمیش نووسراوە: «بەم جۆرە... ئەم پردە لە ڕۆژانی ڕەشی میر عەبدالدا بە دەستی خواجا گەرمبێت دروست کراوە!» بەڕای [ئـۆربیللی مەبــەست لەم دروست کردنــەی دواییـە - تەعمیر کردنی، یا دروست کردنەوەیەتی.

پاش ئەمە باسی شوێنەوارە مێژوویییەکانی ئەکا... بە درێژی لەو قەڵایە ئەدوێ کە لە سەدەی [١٥-١٦]دا دروست کراوەو کەلاوەکانی ئەکەونە ناوەراستی شارەوەو «ماڵی دوو بەگی لێکـەوتـەی لێ دروست کراون...» وەك باسیشی ئەکا دوور نیە ئەوکاتی دروست کردنەی ئەو دیاری کردوە هەڵە نەبێ‌و قەڵاکە زۆر لەمە کۆنتر بووبێ. [وێنە -٢-]. باسی قەڵایەکی تریش ئەکا کە بە قسەی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە گۆڕی «هایك ئارتسرون»ی تێدایە.

پاش ئەمە [ئۆربیللی] باسی هۆی ناونانی مۆکس ئەکاو ئەم ئەفســانــەیــە لە دەمی خەڵکەکەوە ئەگێڕێتەوە: مۆك، یان مۆکس، لە وشــەی «مـۆگك»ی ئەرمەنییەوە وەرگیراوە کە واتا جادوو، یان جادووگەر، یان ئەستێرەناس. گوایا ئەو سێ ئەستێرە ناسانەی کاتی لەدایك بوونی حەزرەتی عیسا لە ڕۆژ هەڵاتەوە چوون بۆ لایو کورنــوشیــان بۆ بردوە لە گەڕانــەوەدا بێرەدا تێپەڕیون... یەکێك لەو سیانە، کە ناوی [کەسپەر] بوە نەخۆش کەوتــوەو مردوەو لەیادی ئەم [موگك]ەدا ئەم ناوەی لێ نراوە. دانیشتوان کڵێسەیەکیشیان پیشان داوە کە گۆڕێکی بێناوی تێدابوەو وتوویانە گوایا گۆڕی ئەو کەسپەرەیە.

[ئــۆربــیــللی] لە لاپــەرە «٢٥»دا دێــتــە سەر باسی دانیشتوانی مۆکس و ئەڵێ: شارۆچکەی مۆکس لە [٦٧٢] ماڵە ئەرمەنیو [٦٤٠] ماڵە کوردی سوننیو [٥-٦] ماڵە قەرەجی نەستووری پێك هاتوە، کە بێگومان ئەمە بە پێوانەی ئەو کاتە نیشانەی گەورەیی شارەکەیە... بێجگە لەمانە، سێ چوار ماڵە تورکــی مووچــەخــۆری میریشی لێ بوە. شتێکی سەیــریش سەرنجی ڕاکێشاوە، ئەڵێ: وەك شوێنەکانی تر بەم تورکانەیان نەوتــوە تورك، بەڵکــو پێیــان وتوون «ڕۆم» یان «کڵاوسوور»! تۆبــڵێی وشــەی ڕۆم، کە لای گەلێك لە شاعیرەکانمان لەباتی تورك بەکار هێنراوە لە نەژادا لێرەوە بڵاو نەبووبێتەوە؟. ئەشڵێ کە ئەم ناوەیان بەسووکی ئەوت و پیشانیان ئەدا کە حەزناکەن ماڵە تورکیان لەناودابێ!.

بێجگە لەو کوردە نیشتەجێیانە شارەکە، ژمارەیەکی زۆریش کوردی کۆچەری لە ناوچەکانی باشوورەوە روویان تێ ئەکرد کە نەك تەنها شێوەی ژیانیان، بەڵکو داب و نەریت و جل و بەرگ و زاراوەی زمانیشیان جیاوازی هەبوە.

بە قسەی [ئۆربیللی] ئەم کۆچەرانە لە سێ عەشیرەتی گەورەوە ئەهاتن: لە بۆتانەوە نزیکی [٣٠٠] ماڵی عەشیرەتی «میران»، کە نزیکی [١٠٠٠٠٠] سەر مەڕو [٦٠٠٠] رەشەوڵاخ و [١٥٠٠]ئێستـرو نزیکی [١٠٠] ئەسپی رەسەنیـان لەگەڵدا بوەو کەمێك لە باشووری مۆکسەوە باریان خستوە... لە جزیرەوە نزیکی [٢٠٠] ماڵی عەشیرەتی «دوودەری» ئەهاتن کە [٤٠٠٠٠] سەر مەڕو [١٠٠٠] ئێستـرو [٢٠٠] ئەسپیـان لەگەڵدا بوە. لە ناوچەی [سیگرێت]ی باشووری رۆژ ئاوای مۆکسەوە [٣٠٠] ماڵی عەشیرەتی «ئەلکان» ئەهاتن کە [٢٠٠٠٠] سەر مەڕو [٥٠٠] ئێستریان هەبوو، بەڵام ئەسپیان نەبوو. هەروەها لە لاپەرە «٥٧»دا ئەڵێ کە دانیشتوانی مۆکسیش [١٠] ئەسپ و [١٠٠] ئێستـرو [١٣٠٠٠ - ١٥٠٠٠] سەر مەڕیـان هەبوە. بێگومان ئەم هەموو ئاژەڵ و چارەوێیانە لەو ناوچەیەدا نیشانەی بوونی سامانێکی فراوان بوە.

دانیشتوانی ناوچەی مۆکس بەسەر [٧٥] گوندو [٥] نیمچە گوندی دوو - سێ ماڵیدا دابەش بووبوون... دوان لەم گوندانـە هێندە لە شاری مۆکسەوە نزیك بوون بووبوون بە گەڕەکی شارو لە بازارو دوکانەکانیدا کاریان ئەکرد.

«شار» بە درێژایی بەری لای راستی رووباری مۆکس لەدوو گەڕەکی درێژو سەرەکی پێك هاتبوو... یەکێکیان بەشی زۆری ئەرمەنیو ئەوی تریان هەموو کورد بوون... گەڕەکی [ئەبیخان] لەشوێنێکی بەرزی ئەم گەڕەکەوە بوو.... پاشماوەی قەڵاو شوێنی قایم و سەختی سوپایی لە گەڕەکە ئەرمەنییەکەدا بەدی ئەکرا... لەبەری چەپی رووبارەکەشدا گەڕەکی [ئەنجکوون]و [دەشت] هەبوون. لەبەرەو خواری لای چەپی رووبارەکەشەوە، لە نێوان دۆڵی [نانیس]و [تینیس]دا چوار گوندی تریش هەبوون. لەبەرەو خوارتریشدا، لە نێوان دۆڵی [دالان]و [تەرەماخ]دا چواری تر هەبوون. [لێرەدا ناوهێنانی تەرەماخ ئەو کێشەیە روون ئەکاتەوە کە ئایا شاعیرە کۆنەکەی خۆمان عەلی تەرموکییە یان عەلی تەرەماخی! ج.ت.]

هەموو گوندەکانی تر، کە ناوچەی مۆکسیان لێ پێك هاتبوو، لە شەش دۆڵی ئەم بەروئەو بەری چەمەکەدا کۆبووبوونەوە.

مەڵبەندی بەڕێوەبردنی کاروباری هەموو ناوچەی مۆکس لە شارۆچکەی مۆکسدا ئەنجام ئەدراو لە گۆڕەپانی ناو بازاری شاردا سەرای حوکومەتی لێ بوو کە [مورتولا بەگ]ی «مدیری ناحیە»و سەرداری بەگـە کوردەکانی ناوچەکە فەرمانڕەوایی ئەکرد. [رەنگە ئەم مورتولا بەگە مورتەزا بەگ یان موراد بەگ بێو ئوربیللی وای ناوبردبێ [ج.ت] دوایی دێتە سەر باسی ئەو دوکانانەی لەم لاو ئەو لای ئەو گۆڕەپانە گەورەیەدا هەبوون. [وێنە ٣]و چۆنیەتی شێوەی دوکان و دەرابەو داخستینان روون ئەکاتەوە. وێنەیەکی نایابی دوکانداریکی چوارشانـەشی لە دوکانەکەیدا گرتوە کە نیشانەی زیرەکیو لێهاتوویی لەروویدا دیارەو کەل و پەلەکانی بەرێك و پێکی لە رەفـەکانـدا ریز کردون و جل و بەرگ و کوتاڵی بەلای چەپی دوکانـەکـەدا هەڵواسیون. [وێنە ٤] خانوویەکی دوونهۆمی جوانکیلەش لە بازارەکەدا قوت بۆتەوە کە لە نهۆمی سەرەوەیدا چایخانەیەکی فراوانی تێدا بوە دامەو شەترەنج و بەدزیشەوە قوماری تێدا کراوە.

لەم بازارەدا هەمـوو پێنج شەموانێك کەل وپەل مەزاد ئەکراو لە هەموو لایەکەوە ژن و پیاوی تێ ئەڕژان. لێرە هەموو شتێك ئەفرۆشرا: شاڵ و چاروکەی حەڵەب، قوماش و تەنراوی ناوچـەکـە، چیتی مۆسکۆ کە لەو کاتـەدا زۆر باوی هەبوەو خواردەمەنیو هەموو وردەواڵەیەکی تریش.... لەوە ئەچێ ئەم

وێنە [٣] : ناو بازاری [مۆکس]



کرین و فرۆشتنە، بێجگە لە بارە ئابووری‌یەکەی، جم و جۆڵێکی کۆمەڵایەتیش بووبێ، چونکە لە لاپەرە [٢٨]دا نۆربیلل ئەڵێ: «ئـەو شتانەی کە بایی چەند قرۆشێك بوون کریارو فرۆشیار ماوەیەکی زۆر وت و وێژیان لەسەر ئەکردن و دەستیان ئەکرد بە باسی جیاجیای دوور لە کرین و فرۆشتن و زۆر جار داستان و چیرۆکیـان بۆ یەکتـری ئەگێرایەوە کە لە مۆکسدا گرنگی‌یەکی زۆریان پێ دابوون!...»

بارێکی زۆر گرنـگ سەرنجی نۆربیللی ڕاکێشاوە... ئەو گوندانەی کوردو ئەرمەنی‌یان تێدا ژیاون، یان بگرە گوند هەبوە یەك ماڵە کورد، یان یەك ماڵە ئەرمەنی لێبوە، هیچ جیاوازی‌یەك لەنێـوانیـاندا نەبوە و دۆستانە ژیاون و بگرە لە جەژنی ئاینی یەکتریشدا بەشدارییان کردوە... کەواتە کوردو ئەرمەن هەر لە زووەوە دۆستی یەکتری بوون و ناحەزان کردوویانن بە دوژمنی یەکتری!..

بەپێی قسـەی نۆربیللی لە لاپـەرە [٢٩]دا، خانووی گونـدی ناوچـە بەرزەکـانی مۆکس لە شێـوەی گونـدەکـانی هەورامـان دروست کرابـوون، چونکـە، وەك ئەڵێ: «سەربانی خانووی پێشەوە، حەوشەی خانووی پشتەوەی پێك ئەهێنا.» دوایی لە لاپەرە [٣٠]دا باسی گەورو تەویلەو تەندوورو شێوەی نان کردن و زۆر شتی تر ئەکـا. بەوردی چۆنیـەتی کەرەسەو شێوەی سواخدانی دیوارو سەربانەکان ئەکا. باسی گەرم کردنی ناوماڵ و ئەو کوورە زۆپایانە ئەکا کە لە ڕوسیاوە هێنراون یان لە وان، لە ئاسـنی ڕووسی دروست کراون!...» باسی سەلەمی دەغڵ و دان و شەن و کەووو گێرەو هارینی دانەوێڵەو ئەو چراو مۆم و کەرەسـەی سووتـەمـەنی‌یانە ئەکا کە خۆیان دروست ئەکـەن... شێـوەی دەرگـاو کولۆم و ئەڵقـەڕیـزو داخستنی دەرگـاکان ڕوون ئەکاتەوە، دیمەنی تاقی ناو دیوارو سندوقی ئەڵقەڕێزاوی‌و بزمار کوت و دۆڵی ساوەر کوتان و جۆری کۆڵەکەو دیـرەگ و حەماڵ و دارەڕای خانوەکان ڕوون ئەکاتەوەو ئەڵێ: «شێـوەی کۆڵەکـەکـان لەوانـەی کاتی ئاخمێنی‌یـە کۆنەکان ئەچێ!...» زوربەی خانوەکان دوو نهۆم بوون و نهۆمی ژێرەوە بۆ ئاژەڵ و سەریـشـەوە بۆ ژیـان. بەوردی باسی گڵەبـان و گوێسەبانەو باگردێن ماڵینەوەی سەربانەکان ئەکا، دوایی دێتە سەر باسی بەگەکانی ناوچەکەو لەلاپەرە [٣٢]دا دێتە سەر باسی نووز بەگی برای مورتولا بەگ کە لە دۆڵی [دالان] ئەژی‌و «لەبەر ئەوەی لەگـەڵ ئەرمـەنی‌یـەکـاندا خراپە کەس خۆشی ناوێ!» دواییش باسی چەند بەگێکی تری گوندە جیاجیاکان ئەکا. زۆر باسی گرنگی تریش دێنێتە گۆڕێ کە خوا یاربێ لە وەرگێرانی تەواوی کتێبـەکەدا لێیان ئەدوێین. وێنەیەکی نایابی ژیان و هەڵس و کەوتی مورتـولا بەگ و کاربـەدەستـەکانی ئەکێشێ‌و بەکامێراش تۆماری ئەکا. [وێنە ٥]. لەم دوو گەشتەیدا نۆربیللی زۆرجار لای

ئەم بەگـە ژیـاوە لە گەشتی یەکـەمیـدا مانگێکی تەواو لای ماوەتـەوەو بە پیـاوێکی تێگـەیشتووو دنیا دیدەی ناو بردوە. خانـوەکەی لەسەر تازەترین شێوەی ئەو کاتە دروست کراوەو لای خەڵکـەکـە هێـنـدە خۆش بوە ناویـان ناوە خانـووی «فەرەنگستان». بە وردی باسی پەنجەرەی نایاب و دەرگای پتەوو دوو کورسی‌و مێـزێـکی لە دار گوێـز دروست کراوی دیـوەخانەکەی کردوە...

تاقـێـکی گەورەی بەسـەرینی خڕی لەپـەڕ دروست کراو لە دیوارێکیدا بوە کە لە کاتی پێویستدا خراونەتە پاڵ میوانەکان و بە سەرینی دیواخانی پادشا ئەرمەنی‌یەکانی سەدەی چوارو شەش بەراورد ئەکا کە بەپێی ڕێزو گەورەیی‌و پایەی میوانەکان ژمارەی سەرینەکان زیاد کراون کە دراونەتە پاڵیان!..لە لاپەرە [٣٤ ـ ٣٥]دا بەدرێـژی باسی جۆری دانشتنی میوانەکان و شوێنی دانیشتنیـان بەپێی ڕێـزیـان ئەکا... هەتا میوان لە دەرگای دیوەخان زیاتر دوور خرابێتەوە واتا زیاتر ڕێزی گیراوە!..

وێنە [٥] : مورتولا بەگ و کاربەدەستانی [مۆکس]



«مورتولا بەگ» زۆربەی میوانەكانی بریتیبوون لەخەڵكی سادەی ناوچەكەو بەدەگمەن میوانی بەگی هاتوون و، بە كوردیو ئەرمەنی لەگەڵ میوانەكاندا دواوەو هەرگیز بە توركی قسەی لەگەڵدا نەكردوون، هەرچەندە توركییەكی باشیش زانیوە! دوایی باسی چۆنیەتی پێشكەشكردنی چا ئەكاو ئەڵێ هەموو میوانێك ئەبوایە لە دوو چای كەمتر نەخواردایەوە ئەگینا شوورەییو نەنگی ئەبوو تەنها لە چای سێیەمەوە ئەیتوانی رەتی بكاتەوە!

[ئۆربیلی] زۆر باش دۆستایەتی كوردو ئەرمەنییەكانی مۆكس هەڵئەسەنگێنێ!.. لە لاپەرە «٤٢»دا ئەڵێ دۆستانە وشەی زمانی یەكترییان لە قسەكانیاندا بەكار هێناوەو زۆر جار یەك وشەیان بە هەردوو زمانەكە وتۆتەوە... ئەم بۆچوونانەی [ئۆربیلی] زۆر لەو رایانە پووچەڵ ئەكەنەوە كە گوایا كورد وەك نەتەوەیەك لە قەلاچۆكردنی ئەرمەندا بەشداربوە. باشترین بەڵگەش مورتولا بەگە كە لە لاپەرە «٤٠»دا ئۆربیلی ئەڵێ پەیوەندی لەگەڵ ئەرمەندا هێند باش بوە لەكاتێدا سوپای عوسمانی لە ١٨٩٥دا هاتۆتە سەر ئەرمەنییەكانی مۆكس مورتولا بەگ بەخۆیو لەشكرەكەیەوە بەرەنگاریان بووو رزگاری كردن... كێ ئەڵێ هەر ئەمەش نەبووە بە هۆی لەناوبردنی ئەو شارە دوای ئەوە؟..

دوایی دێتە سەر باسی زاراوەی كوردیو ئەرمەنی مۆكس و دارشتنی دەنگ و وشەی هەردوو زمانەكە روون ئەكاتەوە. پاش ئەمەش، لە لاپەرە «٤٥»و دواتر باسی چۆنیەتی كۆكردنەوەی وشەو دەقە چیرۆكە میللییەكان ئەكا لە زاری بەساڵا چووەكانەوە... خاڵێكی زۆر گرنگ دێنێتە گۆڕێ گوایا یەكێك لەو چیرۆكانە لە چیرۆكێكی «دیكامیرۆن»ی «بۆكاشیۆ»ی ئیتاڵی ئەچێ!.. ئەوەش ئەڵێ كە ناشێ خەڵكی لەشارستانیەت دابراوی مۆكس شارەزای ئەدەبی ئیتاڵی بن، كەواتە رەگ و ریشەیەكی زۆر لە بۆكاشیۆ كۆنتر ئەو دوو نەتەوەیە بەیەكەوە ئەبەستنەوە! لەمەش گرنگتر، لە لاپەرە [٤٧]دا چیرۆكێكی میللی ناوچەكە دەربارەی [دوو دزی شارەزا] تۆمار ئەكا كە بەرای ئەو هەمان ئەو چیرۆكەیە كە [هیرۆدۆس]ی بەناوبانگ لە «مێژوو»ەكەیدا نووسیویەو لە فۆلكلۆری زیاتر لە چل نەتەوەی تردا باسی هاتوە.

لەلاپەرە [٥٠]دا باسی شووكردن و ژن هێنان ئەكاو نموونەی شاییەك پیشان ئەدا كە خۆی بەشداری تێدا كردوەو تەمەنی بووكێ [١١]و تەمەنی زاوا [١٩] ساڵ بوەو وێنەی بووك و زاوایەكی بەكامیرا گرتوە كە بووكێ شایانی ئەوەیە لە كۆڵان هەڵەقۆبكا، نەك لەو تەمەنەدا ببێتە پەردەوە! [وێنە ٦].

شێوەی بەخێوكردنی مەڕو ماڵات [ئۆربیلی] زۆر سەرسام كردوە، بۆیە لە لاپەرە [٣٦]دا ئەڵێ: «هێندە خواردەمەنی لەشیر بەرهەم دێنن سەرت سوڕ ئەمێنێ، بۆیە ناوی بەرهەمەكانی سپییایەتی هێندە زۆرن و، كەرەسەكانیان هێندە فراوانن بەگران فێریان ئەبی!...» هەروەها باسی چاندنی دانەوێڵەو بەرهەم هێنان و دروونەوەیو ساوەر كوتان و بروێش دروست كردن ئەكا، بایەخێكی تەواویش داوە بە باسی جۆلاییو تەنراو دروست كردن، كە كارێكی گرنگی مۆكسە... شاڵی رانك و چۆغەی نایابیان دروست كردوەو كوردو ئەرمەنییەكان لەبەریان كردوە، بۆیە كاروباری رستن و خوری سازیو چنین پەرەی سەندوەو تەنراوی مۆكس بەناوبانگ بوەو لە ناوچەكانی ترەوە بۆی هاتوون، ئەڵێ بیاوانی موكس لەم كارەدا هێندە شارەزا بوون بەهەر چوار لای ناوچەكەداو دوورتریش، هەتا تفلیس، رۆیشتوون و ئەم كارانەیان ئەنجام داوە!

لە لاپەرە [٥١ ـ ٥٣]دا باسی جەژن و یاریو سەیران و

وێنە [٦]: بووك و زاوایەكی [مۆكس]



**ئامەنگەکانی مۆکس ئەکاو دەری ئەخا کە زوربەیان ئەگەڕێنەوە بۆ کاتی پێش حەزرەتی عیساو بەدرێژی باسی سەیران و ئاهەنگی [پادشا لەسەر تەخت] ئەکا کە زۆر لەوەی جارانی سلێمانی ئەچێ کە لە سەیرانێکدا بۆ ڕابواردن و گاڵتەجاڕی پادشاو وەزیر هەڵئەبژێرران و کاروباری سەیرانکەرانی ئەخرایە ئەستۆو چەند «تاوانبارێکیان ئەهێنا مەحکەمەیان ئەکردو فەرمانی مردنیان بەسەردا ئەداو دوایی پادشا ئەیبەخشین. لە لاپەڕە [٥٤ ـ ٥٥] باسی هەندێ ئەخۆشی و چارەکردنیان ئەکا بەگژو گیاو شێوەی میللی کۆن... باسی باران نەبارین و جۆرە بووکە بەبارانەیەك ئەکا کە لە باتی بووکە بە بارانەی لای خۆمان کەرێك ئەبەنە سەر کانی، ئەیشۆن و چاوەکانی ئەرێژن، دوایی ژنێك بەرەو پشت سواری ئەبێ‌و کلکی وەك جڵەو ئەگرێتە دەست، تفەنگێکی پێیەو کە ئەگەنە کێڵگەی دەغڵ و دان بەرەو ئاسمان تفەنگەکە ئەتەقێنێ «بەڵکو هەور بترسێ‌و بگری‌و فرمێسك بڕێژێ‌و لەشێوەی باراندا بێتە خوارێ!...».**

دوایی باسی گۆرستان و گۆڕو کێل ئەکاو نیگاری کێلێکی نەخشاوی پیشان ئەدا. ئەوەی سەرنج ڕائەکێشێ، کێلەکان وەك ئەوانەی لای خۆمان بەرزو پان و تەنك نین و زوربەیان شێوەیەکی خڕباوی نزیك لەسەرینی پەری کوردەواری لای خۆمانیان هەیەو بەنەخش و نیگار ڕازاونەتەوە... تۆ بڵێی پەیوەندییەك نەبێ لەنێوان شێوەی سەرینی پەڕو ئەو کێلانەدا؟ [وێنە ٧]



ئۆربیلی لە لاپەڕە [٥٧]دا شێوەیەکی کاریگەرو دڵتەزێنی ئەو بەدبەختی‌و قەلاچۆکردنە باسی ئەکا کە لە [١٩١٤ ـ ١٩١٦] دوو نەتەوەی دۆستی یەکتری [کوردو ئەرمەن] دووچاری بوون و ئەوەی سەربڕا ـ سەربڕاو ئەوەی نەخۆشی‌ی درم کوشتی ـ درم کوشتی‌و [مۆکس] بەجارێك بێ گیان مایەوەو بوو بە کەلاوە... نوازش و ئافەرین بۆ ئەو ئۆربیلی‌یەی هەتا مرد دۆستی ڕاستەقینەی گەل و نەتەوەکەمان بووو بێ پشوودان زۆر لایەنی شارراوەی مێژوە پڕ لەچارە ڕەش یەکەی روون و ئاشکرا کردینەوە... سڵاو لەگیانی پاکی!

**ئۆربیلی لە کۆتایی کتێبەکەدا دەقی وەرگێڕاوی [١١٣] گۆرانی‌و چیرۆك و هەڵبەستی فۆلکلۆری‌و [١٦٣] پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و [٥١] مەتەڵی کوردی‌و ئەرمەنی تۆمار کردوەو [٧٧] وشەی کوردی ناو دەقەکانی لێك داوەتەوەو لە دواییشدا لە لاپەڕە [١٣٨ ـ ١٤٠] «ڕۆدینکۆ»ی دۆستی هەمیشەی خزمەتکوزارو دێرینی نەتەوەکەمان پاشکۆیەکی بە پێزی دەربارەی ئۆربیلی‌و بەرهەمەکانی‌و خزمەتەکانی نووسیوە..**

دوایی باسی کۆمەڵە داب و نەریتێکی کۆنی کوردەواری ئەکا کە ئۆربیلی لە ١٢ی تشرینی یەکەمی [١٩٤٠]دا بە بۆنەی پیشان دانی باڵێی [غەریب ـ عاشق]ەوە بۆ ئەکتەرانی ئۆپێرای لێنینگرادی خوێندۆتەوە کە باسی زۆریان نەك تەنها بۆ مێژوو نووس و پسپۆڕانی فۆلکلۆری کوردی کەڵکیان هەیە، بەڵکو هەموو ئەدیب و ئەدەب دۆستانی ڕۆژهەڵات کەڵکی لێ وەر ئەگرن....

**خوێندەواری هێژا... ئەم کتێبە نایابەی ئۆربیلی زۆری بە بەرەوە ماوە باسی بکرێ؛ بەڵام لە وتارێکی وادا هەر ئەمەندە دەرفەت هەیە... هیوادارم بتوانم لە داهاتوودا دەقی تەواوی پێشکەش بە بەرێزتان بکەم.**

○